# کیمیاییبارانی هەڵەبجە لە نێوان کۆمەڵکوژی و جینۆسایددا
# لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

**م.ی. کاروان شریف قادر**
**بەشی مێژوو/ فاکەلتی پەروەردە**
**زانکۆی کۆیە**
Karwan.sharef@koyauniversity.org

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٧\١٧ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\١١\٢٨

**پوختە**

ساڵی 1988 و چەند مانگێک پێش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق و ئێران، حکومەتی عێراق دەستی کرد بە بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە دژی گەلی کورد بە گشتی و هەڵەبجە بە تایبەتی، کە چەند میلێک لە سنووری ئێرانەوە دوورە، نزیکەی 5000 هەزار کەس گیانیان لە دەستدا، کە لە مێژووی هاوچەرخدا بە تاوانێکی نوێ دادەنرێت و تاوانەکە کەمتر نییە لە بۆمبارانکردنی هیرۆشیما و ناکازاکی. ئەم کارەی حکومەتی عێراق کەم وێنەیە لە مێژوودا، چونکە چەکی کیمیایی دژی گەلی خۆی بەکارهێنا. زۆربەی قوربانییەکان بریتی بوون لە ژن و منداڵ ، دیارە حکومەتی عێراق بڕێکی زۆر گازی کیمیایی لە دژی ئەم شارە بەکارهێناوە، کە قۆناغی کۆتایی ئۆپەراسیۆنێکی سیستەماتیک بوو لە دژی گەلی کورد، کە لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەی عێراقەوە ئەنجام درا. عێراق تێکەڵەی کوشندەی گازی دەماری سارین و ڤی ئێکس و گازی خەردەلی لە ڕێی فڕۆکەوە بەسەر خەڵکی شارەکە داباراند. لەم توێژینەوەیەدا ئێمە دەمانەوێت ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانییەکان ڕوون بکەینەوە و بە دیاری بخەین، دواتر باس لە هۆکارەکانی پشت بەکارهێنانی ئەو چەکە دەخەینەڕوو، هەر لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئایا کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە جینۆسایدە؟ یان تەنیا کۆمەڵکوژییە. دواتر باس لە کاریگەرییەکانی لە سەر کەشوهەوا دەکەین. لە کۆتاییشدا کاریگەرییە دەروونی و مرۆییەکانی تاوانەکە لە سەر خەڵکی هەڵەبجە ڕوون دەکەینەوە.

کلیلە وشە: جینۆساید، کۆمەڵکوژی، چەکی کیمیایی، پێشمەرگە، گازی سارین، بۆمب.

**پێشەکی**

کورد گەورەترین نەتەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، کە خاوەن دەوڵەت نین ، بە درێژایی مێژوو دانیشتووانی کوردستان چەندین شاڵاوی توندوتیژی و کوشتنیان لە لایەن نەیارەکانیانەوە بەخۆیانەوە بینیوە، بەتایبەتی کاتێك کورد هەوڵەکانی بۆ ئازادییەکی زیاتر و دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری، یان بۆ نیشتمانێکی سەربەخۆ خەباتی کردووە، زیاتر لەلایەن دوژمنانییەوە چەوسێنراوەتەوە. بێگومان گەلی کورد، بە بەردەوامیی سادەترین مافەکانی پێشێل کراوە لەلایەن داگیرکەرانییەوە و بەردەوام چاویان لە خاکەکەی بڕیوە بۆ ئەوەی داگیری بکەن، هیچ کات پشتگیری ڕاستەقینەی نەبووە لە لایەن وڵاتانی جیهان، نەک پشتگیرییان نەکردووە، بەڵکوو هەندێ جار

یارمەتیی دوژمنانیان داوە بۆ سەرکوت کردن و لە ناوبردنی کورد. لێرەدا باسەکەی ئێمە لە سەر ئەو کارەساتەیە کە بووە هۆی جوڵاندنی هەموو ویژدانێکی زیندوو، بووە لاپەڕەیەکی دیکە لە کارەساتی خوێناوی مەرگەساتی ئەم گەلە چەوساوەیە. حکومەتی عێراق شاری هەڵەبجەی لە 16ی ئازاری 1988دا دایە بەر چەکی کیمیایی، کە ئەمە یەکەم جار نەبوو ئەم چەکە لە دژی کورد بەکاربهێنێت، بەڵکوو پێشتر چەندین جار لە شەڕی عێراق و ئێراندا بەکاری هێناوە، وەک لە: قەرەداغ و سێوسێنان و هەڵەدن و سەرگەڵو، لە سورداش چەندین جار لە دژی هێزە کوردییەکان بەکاریهێناوە. کەزیاتر سی و شەش ساڵ تێپەڕ بووە بە سەر ئەم کارەساتە، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران کەسی بێ تاوان، هێشتا مۆتەکەیەک لە یادەوەری خەڵکدا و کاریگەرییەکانی تا ئەمڕۆش بە سەر خەڵکی شارەکە و ژینگەکەیەوە ماوە.

ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە بیر هێنانەوەی ئەو ڕووداوانە نییە، کە ٣٦ ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا، بەڵکو باس لەوەش دەکەین کە ئەوەی ڕوویدا تەنیا کۆمەڵکوژییەک نەبووە، بەڵکوو ئەوە کارێکی بە بەرنامە و پلان بووە بۆ لە ناوبردنی گەلێک، ئەمەش بە پێی یاسای نێودەوڵەتیی دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. هەروەها باسی ئەو ڕووداوانە دەکەین کە لە هەڵەبجە ڕوویدا، لە دواتردا کاریگەری جینۆساید بە سەر خەڵکی هەڵەبجە دەخەینە بەر باس، پاشان باس لە کاریگەریی ئەو بۆردوومانە دەکەین، کە لە سەر ئابووری و ژینگە دروست بووە، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

شێوازی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە پێی بنچینەیەکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کاری لەسەر کراوە، ئەویش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و داتای گرنگ لە سەرچاوە ڕەسەنەکان بە تایبەت لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان.دواتر کارکردن لەسەر ئەم زانیارییانەو ناساندنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک جیینۆساید لە رووە مێژووییەکەیەوە.

ئامانجی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە: هەوڵێکی زانستییانەی پشت ئەستوورە بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکی شیکارییانە بۆ کارەساتەکە و کاریگەرییەکانی و ئەنجامەکانی لەسەر خەڵک و ژینگەی شارەکە و زیانە ئابوورییەکانی پیشان دەدات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم باباتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە،ئێمە ویستومانە پرۆسەی کیمیابارانی هەڵەبجە، چیدیکە تەنها وەک تاوانێکی ئاسایی لە رووی مێژووییەوە سەیر نەکرێت،بەڵکو وەک جینۆساید بناسێنرێت چونکە هەموو ئەو مەرجانەی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێدەوڵەتی دیاری کراون بۆ ناساندنی تاوانێک بە جینۆساید لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بوونی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام، ناوەرۆکەکەی لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم: کۆمەڵکوژی و پوختەیەك لە تاوانەکانی حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر کورد، کە ئەمیش دابەش کراوە بەسەر دوو باسدا، لە باسی یەکەمدا، پوختەیەک دەربارەی کۆمەڵکوژی و جینۆساید رونکراوەتەوە، لە باسی دووەمدا، کورتەیەک دەربارەی ئەو تاوانانەی لەلایەن حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر بە کورد کراوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، کاریگەرییەکانی و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمیش بەسەر سێ باسدا دابەش بووە، باسی یەکەم تایبەتە بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە لە ساڵی 1988دا، لە باسی دووەمدا، کاریگەریی و لێکەوتەکانی کارەساتەکە ڕاڤە کراوە، لە باسی سێیەمیشدا : هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەم تاوانە شیکراوەتەوە.

لەم توێژینەوەدا، کۆمەڵێک سەرچاوەمان بەکارهێناوە کە سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی لەگەڵ سەرچاوەی بڵاونەکراوە، کە بەشێوەیەکی زانستییانە سوودمان لێوەرگرتون، لەوانە کتێبی نووسەر مارف عمر گوڵ(جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنای یاسای تازەی نێودەولەتیدا)هەروەها ڕاپۆرتی ڕکخراوی (Human Rights Watch)،جگە لەمانەیش کتێبەکانی تەها سلێمان( جینۆساید لە باشووری کوردستان، ڕابردوو ئێستا و ئاینده، لێکەوت و کاریگەریی و ئەرکەکان، جینۆسایدی گەلی کورد، پشکنین، ئامار و زانیاری، دیکۆمێنت) سوودی باشمان لێبینیون لە نوسینی توژینەوەکەمان.

**بەشی یەکەم: کۆمەڵکوژی و سیاسەتی حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر کورد:**

**باسی یەکەم: ناساندنی هەردوو چەمکی کۆمەڵکوژی و جینۆساید:**

**أ-کۆمەڵکوژی: (massacre)**

کۆمەڵکوژی بە درێژایی قۆناغەکانی ڕابردووی مێژووی مرۆڤایەتی لەلایەن دەستەو گرووپی خاوەن دەسەڵات بۆ سەر لایەنی نەیاری ئەنجامدراوە. بۆیە پێناسەی کۆمەڵکوژی بریتی یە لە: کوشتنی ناپێویست و بێ جیاوازی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ یان ئاژەڵ، وەک شەڕ و چەوسانەوە یان تۆڵەسەندنەوە یان تاڵانکردنیان. یاخود بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی و بێ تاوان پێناسەکراوە .لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (لە دەوروبەری 1100) وشەی کۆمەلکوژی ئاماژە بوو بۆ کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگە کە خەڵکی مەدەنی و بێ بەرگری بوون. لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەمدا، لە چوارچێوەی ڕکابەریی نێوان ئیمپراتۆریەتی هاپسبۆرگ و عوسمانی، وشەی "ماساکەر"ی ئەڵمانی، کە لە فەڕەنسیەوە وەرگیراوە، لە ساڵی 1664دا دەرکەوت، دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە وشەی کۆمەڵکوژی بە کار دەهێنرا لە کاتی داگیرکردنی وڵاتێك لە لایەن وڵاتێکی تر,(David, 2007). بە واتایەکی تر کاتێ هێرش دەکرێتە سەر ناوچەیەک لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە، هەموو ئەوانەی دەستیان پێ ڕادەگات دەیکوژن و تاڵانی دەکەن واتە هیچ پلانێک و بەرنامەیەکی پێشوەختە بۆ ئەم کارە نەبووە کە ئەمە لە جینۆسایدی جیادەکاتەوە.

**ب-جینۆساید: (genocide)**

زاراوەی جینۆساید یەکەم جار دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەکار هێنرا، ئەم زاراوەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەم: وشەیەکی گریکییە (Genos)، واتە: ڕەگەز بنەچە، دووەم: وشەیەکی لاتینییە (Caeder) واتە: کوشتن، فەوتاندن، بە لێکدانی هەر دوو وشەکە دەبێتە فەوتاندنی بنەچە، کە بەیەکەوە بە مانای کوشتنی بەکۆمەڵی مرۆڤ یان قڕکردنی ڕەگەزێکی مرۆڤ دەگەیەنێت (گوڵ، 2007، 17؛ باسیرە، 2013، 6).

ڕافائیل لیمکین 1901-1959 (Raphael Lemkin)، کە پارێزەرێکی جولەکەی پۆڵەندی بووە و هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆست لە دەست داوە، بۆ یەکەم جار بیری لە دۆزینەوەی ئەو وشەیە کردەوە، تا بە قەد تاوانەکانی نازیی بێت کە دژ بە جوولەکە و مرۆڤایەتی کردیان، ئەمەش لە ساڵی 1948دا لە نەتەوە یەکگرتووەکان باسکرا و لە ساڵی 1951دا 110 ولات واژویان کرد، کە ئەو تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێن بە جینۆساید بناسرێن (سلێمان، 2017، 312).

بە ڕای ڕومێل، ئار جی، جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە، کە گرنگ نییە ئەو کەسەی دەیکات لە دەسەڵاتدایە یان نا، لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە دادگایی و سزا دەدرێت، هەر یەکێک لەو کردانە بە جینۆساید دەژمێردرێن، وەک: لەناوبردنی گرووپێک، نەتەوەیەک، گرووپی ئایینی یا ڕەگەزی **(2002**، Rummel, R.G**).**

جینۆساید پێشێلکردنی تەواوی مافی مرۆڤە، بەتایبەتی مەترسییەکەی لە وەدایەکە هەوڵی پاکتاوکردن و سرینەوە گرووپێکی نەتەوەیی و ئاینی ، بۆیە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا زۆر بە گرنگی جەخت لەسەر قەدەغە کردن و سزا خستنە سەر تاوانکارانی کراوە. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بە هۆی تاوانی فاشیستەکانەوە لە یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا ئەو پرەنسیپە بە تەواوی جێگیر بوو، کە جینۆساید تاوانێکی درندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەك هەر وڵاتانی تاوانکار، بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی- نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان (گوڵ، 2007، 17).

جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە، کە مەبەست لێی لەناوبردنی بەشێک یان تەواوی گەلێک یان گرووپێک بێت،

بۆ نموونە:

١-لە ناوبردنی ئەندامانی گرووپێک.

٢-گەیاندنی زیانی گیانی بە ئەندامانی گرووپێک.

٣-ئەندامانی گرووپێک لە ژێر بارودۆخێکی وەها دابنرێت، کە مەبەست لێی فەوتاندنی بەشێک یا تەواوی ئەندامانی بێت.

٤-ڕێگری بکرێت لە زیاد بوونی ئەندامانی گروپێک بە وەی ڕێگە نەدرێت وەچە بخەنەوە.

٥-لە یەک جیاکردنەوەی منداڵ لەگەڵ خێزانەکەی یان گواستنەوەیان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە (نظام روما الاساسي للمحكمة الجنائية الدولية، مادة 6؛ سلێمان، 2017، 313).

ئەگەرچی کۆمەڵکوژییەکی زۆر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، بەڵام هەندێك پێیان وایە سەدەی بیستەم زۆرترین تاوانی جینۆسایدی تێدا ئەنجام دراوە، هەر ئەم هۆیەشە وایکردووە کە ئەم سەدەیە بە سەدەی جینۆساید، سەدەی نەفرەت و سەدەی توندوتیژی ناوزەند بکرێت (نیوبێرگەر، 2017، 7). بۆیە بەشێك لە وڵاتان بیریان لەوە کردەوە کە دادگایەکی تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن. بۆ ئەو مەبەستەکۆمەڵەی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یکگرتووەکان لە ساڵی 1992 کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی بە هاوکاری نوێنەری دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕاسپارد، ڕەشنووسی ڕێکەوتننامەیەك بۆ دامەزراندنی دادگایەکی هەمیشەیی تاوانی نێودەوڵەتی ئامادە بکەن، کۆمیسیۆنەکە لە ساڵی 1994 ڕەشنووسی ڕێکەوتننامەکەی ئامادە کرد، پاشان ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گشتی کۆمیتەیەکی تایبەتمەندی بۆ چاوپێداخشاندنەوە بە پرۆژە ڕەشنووسەکە و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفراسێك، بە مەبەستی دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دروستکرد، لە مانگی حوزەیرانی 1998 بە ئامادەبوونی نوێنەری 160 وڵات و دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا کۆنفرانسەکە دەستیپێکرد و ماوەی مانگێکی خایەند، بە دەنگی 120 بەڵێ و 7 نەخێر (کە لە نێویاندا عێراق بە نەخێر دەنگیدا) و 21 دەوڵەتیش دەنگیان نەدا، بنەڕەتنامەی دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی پەسەند کرا. بنەڕەتنامەکە لە 128 ماددە پێکهاتووە، بۆ سێزدە بەش دابەش دەبوو، لە تەمموزی ساڵی 2002 چووە بواری کارپێکردن و جێبەجێکردنەوە، ئێستا 123 دەوڵەت ئەندامی ئەو دادگایەن (المرزاني و علي، 2012، 10؛ ئەحمەد، 2021، 229- 230)، کە شوێنی فەرمی دادگاکە لە شاری لاهای وڵاتی هۆڵەندایە (هەورامی، 2016، 135).

**باسی دووەم: سیاسەتی حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر کورد**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1918، دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسا بە پێی بەرژەوەندییەکانیان، لە چوارچێوەی پەیمانی سایکس بیکۆ (1916)ی نێوانیان، نەخشەیەکی نوێیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دارشتەوە و چەند دەوڵەتێکی تازەیان لەسەر موڵك و سامانی دەوڵەتی عوسمانی دروست کرد.دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921 و پاشانیش لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە ساڵی 1925 بەم دەوڵەتەوە،بۆیە کورد تووشی چەوسانەوە و کوشت و بڕ بوونەتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق، چ لە سەردەمی پاشایەتی (1921-1958) چ لە سەردەمی دەساڵەی یەکەمی کۆماری لە ساڵانی (1958تا1968) و دواتر سەردەمی بەعسییەکان لە ساڵانی (1968-2003) (مینە، 1999، 79 ; هێتوتی، 2009، 17).

ئەگەر چی عێراق لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە ڕاسپێردرابوو، سەبارەت بە ڕەچاوکردنی مافەکانی کورد لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی کوردی، ڕێگەدان بە کورد بۆ خۆ بەڕێوەبردن بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، دامەزراندنی کارمەندی کورد و پاراستنی ماف و ئازادی گشت هاوڵاتیان، بەتایبەتی گروپە ئاینی و نەتەوەییەکان (ڕۆمانۆ، 2020، 394)، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق سیاسەتی نکۆڵیکردن و داننەنان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردی گرتوتە بەر (قادر، 2006، 35)، لەم سیاسەتەشیاندا چەندین تاوانی گەورەیان بە رامبەر بە نەتەوەی کورد لە عێراقدا ئەنجامداوە.

زۆرن ئەو پێشێلکارییانە و ئێمە لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین، بۆ نموونە: لە ساڵی1922 بۆ 1935حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی بەریتانییەکان، زۆربەی جوڵانەوە چەکدارییە کوردییەکانی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دامرکاندەوە، کە زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لێکەوتەوە،(البارزاني، ٢٠٠٢، ٣٤-٤٠) کە تێیدا تەنیا لە ناوچەکانی (بەرۆژ و مزووری و شێروان) 79 گوند وێرانکران، هەروەها نزیکەی 1365 خانوو ڕووخێنران، واتە %60 ناوچەکەیان وێرانکرد، لە لایەکی دیکەوە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی 1961دا لە ماوەی پتر لە ساڵێک نزیکەی 3000 کەس کوژران و 100000 کەس ئاوارەبوون و چوونە چیاکان، هاوکات نزیکەی 150 گوند وێران کران (گوڵ، 2007، 29- 30).

جینۆساید کردن و دەربەدەرکردنی کوردانی فەیلی بەشێکی دیکەی تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقە دژ بە گەلی کورد، کوردە فەیلییەکان زیاتر لە بەغدا و شارەکانی تری ناوەڕاستی عێراق نیشتەجێن، لە ڕووی مەزهەبی سەر بە مەزهەبی شیعەن. لە سەرەتای شەستەکانەوە تووشی چەوسانەوە بوون، بەڵام لە ساڵی 1980دا بە تەواوی کەوتنە بەر پەلامارەکانی حکومەت و بەرەو وڵاتی ئێران دەربەدەر کران، بە بیانووی ئەوەی کە لە بنەڕتدا ئێرانین( محمد، ٢٠٠٥، ٣٧ -٥٦). لە کۆتایی تەموزی ساڵی ١٩٨٣ دا نزیکەی 8000 هەزار بارزانییان بێسەروشوێن کرد (سلێمان، 2017، 314-316).

تاوانی جینۆساید دژ بە کورد لە ساڵانی 1987 بۆ 1988 گەیشتە لوتکە، کاتێک حکومەتی عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنا دژ بە کورد و پرۆسەکە بە شاڵاوەکانی ئەنفال دەستی پێ کرد، کە بە هەشت قۆناخ جێبەجێ کرا، لە 9ی شوباتی ساڵی 1988 دەستی پێ کرد و لە 23ی ئەیلولی 1988 کۆتایی هات، کە تێیدا نزیکەی 182000 هەزار مرۆڤی کورد کۆمەڵکوژ کران و هەزاران گوند کاول کران. هەر لە کاتی پرۆسەکەدا چەندین جار چەکی کیمیایی بەکارهێنرا، وەک لە: گۆپتەپە، سێوسینان، هەڵەدن،شێخ وەسانان، سەرگەڵو و قەرەداغ(سلێمان، 2017، 317-318).

ئەم سیاسەتانەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، دژ بە نەتەوەی کورد، لە پرۆسەی کیمیابیباران کردنی هەڵەبجە گەیشتە لوتکە، کە لە ساڵی 1988دا بەو پەڕی دڕندەییەوە دەیان تۆن گازی کیمیایی باراند بەسەر هاوڵاتیانی سڤیلی هەڵەبجە.

**بەشی دووەم: کاریگەری کیمیابیبارانی هەڵەبجە و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی**

**باسی یەکەم: کیمیابیبارانی هەڵەبجە لە ساڵی 1988**

هەڵەبجە بە هۆی پێگە ستراتیژی و جوگرافییەکەی گرنگی تایبەتی هەیە، کە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، لە کۆنەوە شارێکی بازرگانی بووە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و 260کم لە بەغدا و 76کم لە شاری سلێمانییەوە دوورە. دانیشتووانی هەڵەبجە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نزیکەی 80000 هەزار کەس بووە (توفیق، 2000، 5). هەر چەندە هەندێ سەرچاوەی بیانی ئاماژە بەوە دەکەن، کە ژمارەی دانیشتووانی شارەکە لە کاتی ئەنجامدانی هێرشەکە 40000 بۆ 50000 کەس بووە (O'Leary, Carole A, 18)، نزیکەی کە 59٪ی ئەو ژمارەیە لە 42 گوندی سنووری ناوچەی خورماڵی نزیک شاری هەڵەبجە نیشتەجێ بوون(سعيد، 2008، 5)

لە ڕووی مێژووییەوە هەڵەبجە شارێکی دیاری باشووری کوردستانە و دەکەوێتە دووری 11 کیلۆمەتری سنووری ئێران، ناوچەیەکی سەوز و بە پیت لە خۆ دەگرێت، چیاکانی دەوروبەری دارستانی چڕی تێدایە (Garib, B.etal, 10). ئەم ناوچەیە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ چیاکانی سورێن و باڵامبۆ و بەنداوی دەربەندیخان لە ڕۆژئاواوە، بە هۆی ئەو پێگە ستراتیژییەی کە هەیەتی، لە کۆنەوە بووەتە پێگەی بەشێک لە جووڵانەوە چەکدارییە کوردییەکان، ئەمەش وایکردووە کە حکومەتی بەعس زیاتر سەرنج بخاتە سەر ئەم شارە، دوای ئەوەی هێزە کوردییەکان بە هاوکاری ئێران، بە درێژایی جەنگی ئێران- عێراق توانیان هەندێ ناوچە ڕزگار بکەن، هەڵەبجەش ڕزگار کرا، لێرەوە کارەساتەکە دەستی پێکرد (کەوە، 2008، 62- 63)، چونکە دوای ئەوەی حکومەتی

عێراق نزیکەی هەشت ساڵ لە جەنگێکی کاولکار لەگەڵ ئێران لە شەڕدا بوو، لەو کاتەشدا بوو کە چەکی کیمیایی دژی ئەم شارە بەکار هێنا، لە هەڵەبجە گەورەترین تاوانی دژی کورد لە باشوری کوردستان ئەنجامدا (سلێمان، 2014، 39).

باس لەوە دەکرێت کە شاری هەڵەبجە لە ماوەی جەنگی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی 1988دا، چەندین جۆر گازی کیمیاییان بەرکەوتووە، ئەم گازانە چەکی کیمیایی بەهێز بوون، کە هەندێ جار لە دژی خەڵکی سەربازی و مەدەنی بەکار دەهێنران، کاریگەرییەکانیان جیاوازبوون، بە پێی ئەو کارگەرییانەی کە لە سەر خەڵک دەردەکەوتن، بەڵام هەندێک لە کاریگەرییەکان کورت خایەن بوون و هەندێکیشیان درێژ خایەن بوون، کە دەیانتوانی ببنە هەڕەشە لە ژیانیان، بە هۆی ئەوەی کە زیان بە دڵ و سییەکان و دەمارەکانیان دەگەێنێت **(Garib, B.etal, 25-26).**

بەر لە چەند مانگێک لە کۆتایی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، لە 15ی ئازاری 1988دا هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای ئێران، شاری هەڵەبجەیان کۆنترۆڵکرد هەندێک لە مێژوونووسان ئەوەیان بە هۆکاری سەرەکی حکومەتی عێراق زانی، کە هێرشێکی چەکی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە بکات. بەپێی (Human Rights Watch Report, 1993, 35)، لەو ڕۆژەدا سوپای ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە چوونە پاڵ یەک و دەستیان کرد بە کۆنترۆڵ کردنی شارەکە، بەڵام هێشتا هەندێک لە هێزە عێراقییەکان لە نزیک ڕوباری سیروان و پردی زەڵم مابوون ڕژێمی عێراق سوپا و تانکەکانی ڕەوانەی شارەکە کرد. کە حکومەتی عێراق گرنگی شاری هەڵەبجەی زانیوە، هەر بۆیەش بەپەلە هێزی خۆی کۆکردەوە بۆ گرتنەوەی شارەکە، بە هەر ڕێگەیەک بێت(Gera, undated, 210). بەڵام هەندێ سەرچاوە هەن باس لەوە دەکەن، کە سەرکردەکانی کورد نەیانویستووە بچنە پاڵ سوپای ئێران لە هەڵەبجە، چونکە دەترسان هێرشیان بکرێتە سەر و ئەو کارەیان پێ باش نەبووە (تۆفیق، 2000، 17).

دەکری بوترێ بە هۆی ئەو خۆپیشاندان نارەزاییانەی کە لە شارەکە دژی ئەنجام دەدران، حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی نەرێنییانەی بەرامبەر شارەکە هابوو. سەبارەت بە هۆکاری بۆردوومان کردنەکە، وەک ئاماژەمان پێدا، ڕای جیاواز هەیە، زۆرێک لەوانەی لەو کاتدا سەرکردەی کورد بوون، ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر کورد بەشداریشی نەکردایە، ئێران ئەو کارەی هەر دەکرد، بەڵام ناشکرێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین، ئەگەر کورد بەشداری نەکردایە، ڕەنگە وا بە ئاسانی شارەکە دەستی بەسەردا نەگیرایە، ئەگەر کورد و ئێران شارەکەیان نەگرتایە، ئەوا ڕەنگە حکومەتی عێراق بەو قورسییە شارەکەی بۆردوومان نەکردایە یان هەر چەکی کیمیایی بەکار نەهێنایە (تۆفیق، 2000، 17-23).

یەکێ سەرچاوە کان پێی وایە، حکومەتی عێراق ئاگاداری خەڵکی شارەکەی کردووە، کە شارەکە بە جێبهێڵن، چونکە هێرش دەکرێتە سەری، هەر بۆیە پێش هێرشەکە هەندێ خەڵک شارەکە بەجێدەهێڵن و هەندێکی تریان خۆیان شاردووەتەوە لە ژێر زەمین و ئەشکەوتەکانی ناوچەکە، بۆ خۆپاراستنیان لە هێرشەکانی عێراق (میدڵ ئێست وۆچ، 2004، 175- 176). بەڵام ئێمە ناتوانین ئەمە پشت ڕاست بکەینەوە، چونکە هیچ ئاگادار کردنەوەیەکی پێشوەختەی حکومەتی عێراق لەبەر دەست نییە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی 16ی ئازاری ساڵی 1988 سوپای عێراق بە هێرشی ئاسمانی هێرشی کردە سەر هەڵەبجە ئەم هێرش جیاواز بوو، چونکە حکومەت چەکی نوێی بەکار هێنا وەک: ناپاڵم، یان فۆسفۆر کە زۆر جیاواز بوو لەو بۆمبانەی کە پێشتر حکومەتی عێراقی لە دژی گەلی کورد بەکاری هێنابوو **(Human Rights Watch Report, 1993, 95).** هەر لەو ڕۆژادا، سەددام حوسێن سەرۆک کۆماری عێراق فەرمانیدا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی شاری هەڵەبجەی کە پێی وابوو پڕە لە چەکداری کورد، کە بووە هۆی کوژرانی 5000 هاووڵاتی مەدەنی، بەڵام بە پێی (Human Rights Watch Report, 1993, 97) ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیانی 3200 کەس بووە، کە کۆی ئەو ناوانە بووە، کە لە خولی چاوپێکەوتنە بێلایەنانە لەگەڵ ڕزگاربووان کۆکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرن ئەو سەرچاوانەی باوەڕیان وایە ژمارەی قەوربانیان هەڵەبجە 5000 هەزار کەس زیاترە، بۆ نموونە (Atroushi,

sjh@univsul.edu.iq

(online, 1994 باسی لەوە کردوە، کە نزیکەی 5000 هاوولاتی بە گازی کیمیایی لە هەڵەبجە کوژراون، لەگەڵ لەناوچوونی بە کۆمەڵی هەرچی زیندەوەری سەر زەوی و ژێر زەوی و ویرانبوونی مزگەوت و قوتابخانە و خانوو و ویستگەی کارەبا و پرۆژەی ئاو، هەروەها چەندین پرۆژەی تر، کە لە گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە هەبوون. بە پێی زانیارییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008دا (Ministry of Martyrs and Anfal Affairs Kurdistan 2008) هەزاران کەس لە هەڵەبجە کوژراون کە ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیری تێدایە.

ئەو ژمارەیەی کە هیومان رایت هۆچ ئاماژەی پێدەکات ژمارەی ڕاستەقینە نییە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە خەڵکێکی زۆر ئەوکات پێناسی باری شارستانیان نەبووە بە هۆکاری سیاسی و دواکەوتووی و کۆمەڵایەتی، یان مەرج نییە ئەو دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا بێت چاوی بە هەموو ئەو کەسانە کەوتبێت کە ڕزگاریان بووە لە هێرشەکە.

لە بۆردوومانکردنی شاری هەڵەبجەدا،ئەو بۆمبانەی ئەم جارە بەکارهێنران، جیاواز بوون بە بەراورد بەو بۆمبانەی پێشوتر بەکارهێنرابوون ،تەنانەت خەڵکی شارەکەش هەستیان بەو جیاوازی کردووە، کە لە دەنگ و ڕووکەشی و بۆندا جیاواز بوون، کاتێک بۆیان دەردەکەوت کە لە ناو ماڵدا پارێزراو نین، خەڵکەکە لە ماڵەکانیان هاتنە سەر شەقامەکان، وە بینییان سەدان کەس لە سەر شەقامەکان مردوون، ئەوکات بە تەواوی بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەمە گازە و وەک بۆمبابارانەکانی تر نییە. (توفیق، 2004، 177)

سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێشمەرگەی کورد و سوپای ئێران نەیانهێشتووە خەڵک شارەکە جێبهێڵن، کە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی کوژراوان، ئەو خەڵکەی لەو کاتەدا لە هەڵەبجە نیشتەجێ بوون. ، کە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین و ترسناکترین تاوان دژ بە مرۆڤایەتی کە لە لایەن ڕژێمی بەعس دژ بە گەلی کورد ئەنجام درا ( محمد، 2006، 76- 82)

دەکرێت ئەم ڕووداوە بە جینۆساید ناو ببرێت، نەک وەک کۆمەڵکوژی، چونکە بەردەوامبوونی پرۆسەی ئەنفال بوو، کە سەددام حوسێن لە بەرانبەر گەلی کورد ئەنجامیدا (Lieberman, S. and Berman, H., 2009) هەروەها کە کیمیاییبارانی هەڵەبجە تەنیا تاوان نەبووە لە دژی گەلی کورد لەو شارە، بەڵکو باوەڕیان وایە ئەمە کۆتایی ئەو هەڵمەتە پلان بۆ دارێژراوە گەورەیە بوو، کە لە لایەن سەددام حێسن و عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزایەوە کە فەرماندەی ناوچەی باکوری عێراق(کوردستان) بەرامبەر بە کوردەکانی عێراق کرا.(Lieberman, S. and Berman, H., 2009) بە پێی هەواڵیکی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست گەلی کورد ناوی عەلی کیمیایی یان ئەنفالی (Washington post, 2013) ئەم کۆمەڵکوژییەی کە حکومەتی عێراق لەبەرامبەر کورد بە ئەنجامیدا، لە جیهاندا جیاوازە چونکە سەددام حوسێن یەکەم سەرکردەی جیهانە کە لە سەردەمی هاوچەرخدا دژ بە گەلەکەی خۆی ئەنجام داوە(Daruish, 2009) .
).

حکومەتی عێراق لە کۆمەڵکوژییەدا، چەندین جۆر گازی کیمیایی بەکارهێناوە، بۆ هێرشکردنە سەر شاری هەڵەبجە، لێرەدا چەند زانیارییەک لە بارەی جۆری ئەو گازانەی لەم هەڵمەتەدا بەکارهاتوون دەخەینە ڕوو:

١-(فۆسجین): ئەمە گازێکی بێرەنگە، کە بۆنی گیای تازە براو یان سەوزەی تازەی لێ دێت. ئەوە دەتوانێ زۆر بە خێرایی کار لە خەڵک بکات، بە پێستەوە دەنووسێت و تووشی هەستیاریان دەکات، وە مرۆڤ تووشی کێشەی بینین دەکات. هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی ڕشانەوە، کۆخە، ئازاری سەر، کێشەی هەناسەدان.

٢-گازی خوێن (سیانید- هایدرۆجین- کلۆراید– سیانۆگنس): سیاناید گازێکی تری ژەهراوییە کە بە گازی خوێن ناسراوە، کە زۆر بەهێزە و کار لە کۆئەندامی دەماری مرۆڤ دەکات، لە ماوەی چەند خولەکێکدا دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ و مردنی مرۆڤ، جگە لەوانەش دەبێتە هۆی سەرئێشەی بەهێز و کێشەی هەناسەدان، وە پێستی مرۆڤ سوور هەڵدەگەڕێت ڕەنگی وەک گێلاسی لێ دێت (توفیق، 2000، 19).

٣-گازی خەردەلی وشک: ئەم گازە بۆنی سیری لێ دێت و کاریگەری خێرای هەیە، پێستی مرۆڤ سوور هەڵدەگەڕێتوە بەڵقی ئاو لەسەر پێستی مرۆڤ دروست دەکات لەگەڵ ئازارێکی زۆر و گرفت بۆ سییەکان دروست دەکات، ئەوانەی کە زیندوون ڕزگاریان بووە، بە هۆی ئەم گازەوە مەترسی تووشبوونیان بە نەخۆشی شێرپەنجە لە داهاتوو زیاترە لە هەر مرۆڤێکی ئاسایی.

٤-گازی سارین (دەمار): سارین گازی دەمارە، کە زۆر بەکاردێت لە هێرشە کیمیاییەکاندا و دەکرێت لە ماوەی چەند خولەکێکدا مرۆڤ بکوژێت، تایبەتمەندی ئەم گازە وایە، بێ بۆن و ڕەنگە و دەبێتە هۆی ڕشانەوە، کێشەی هەناسەدان بۆ بەرکەوتووەکە دروست دەکات و کۆنترۆڵ جەستەی خۆی لە دەست دەدات وەک: کۆنترۆڵ نەکردنی میز و لە دەست دانی بەشێکی جوڵەی جەستە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دووچاری ڕشانەوەی توند و بەرکەوتەکە ئاو بە دەم و چاو و لووتی دێتە خوارەوە .(تۆفیق، 2000، 19).

**باسی دووەم: کاریگەریی و لێکەوتەکانی**

لە دوای بۆردومانە کیمیاییەکە، کاریگەرییەکانی ئەو گازانە لە سەر خەڵکی هەڵەبجە ڕوونبوەوە، کە زیاتر کاری کردە سەر تەندروستی و ئابووری خەڵکی شارەکە، بەم شێوەیە:

١-تەندروستی: یەکێک لە کاریگەرییە دیارەکان لە سەر خەڵک پەیوەندی بە بواری تەندروستی و تەندروستییەوە هەیە، سەرەتا کێشەی هەناسەدان وە ئارەزوو و کاریگەرییە جنسییەکان، کێشەی پێست وەک: ئیگزیما و کاردانەوەکانی، هەروەها کێشەی چاو، هەوکردنی جومگە، کە مرۆڤ زیاتر لە تەمەنی پیریدا تووشی دەبێت، بەلام خەڵکێکی زۆری شارەکە تووشی بوون کە ئەمە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو گازانە دەردەخات لە سەر بەرکەوتووانی، جگە لە مانەش بۆتە هۆی تووش بوون بە نەخۆشی پەستانی زۆر و کێشەی پێست (Crowcroft, 2013).

کاریگەرییەکی تر ئەوەیە کە زۆرێک لەو منداڵانەی کە لەو کاتەدا لە هەڵەبجە نیشتەجێ بوون، ئێستا کێشەی مێشکیان هەیە، هەندێک منداڵ کە دواتر لە دایک بوون کە ناتوانن بە باشی پێ بگرن و برۆن بە ڕێگەدا، یان قسە بکەن، تەنانەت هەندێکیان کاتێک لە دایک دەبن نەخۆشی شێرپەنجەیان هەیە. کاریگەرییەکی تر ئەوەیە کە هەندێک لە ژنان کە بەرکەوتەی ئەو گازانەن ناتوانن منداڵیان ببێت (تۆفیق، 2000، 35-36). سەرەڕای ئەوەش، خەڵکێکی زۆر لە شارەکە تووشی نەخۆشیی دەروونی فشاری دەروونی زۆر بوون (کەوە، 2008، 45).

٢-ئابووری: کاریگەرییە ئابوورییەکانی هیچی کەمتر نییە لە کاریگەریە تەندروستییەکان. بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵک کۆچیان کرد و لە خاک و ئاو خۆیان دوورکەوتنەوە و ڕەز و باخ و کوشتوکاڵی خۆیان بە جێهێشت، دەزانین ئەو کات سەرەتای گەشەکردن و برینی باخ و کشتوکاڵ کردنە، بەمەش تووشی زیانێکی زۆر بوون لە ڕووی ئابوورییەوە. لە لایەکی تر بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بوونە قوربانی و بە هۆی هێرشی گازەوە نەتوانراوە گۆڕ بۆ ئەو هەمووە خەڵکە هەڵبکەندرێت، بۆیە بە کۆمەڵ بەیەکەوە لە گۆڕە گەورەکاندا بە خاک سپێردراون، لە کاتێکدا کە لاشەیان تێکچوو، ماددە ژەهراوییەکان لە ناو زەویدا بڵاو بوونەتەوە. بۆیە بەشێکی زۆری ئەو زەوی و ئاوەی کە ڕاستەوخۆی گازەکان کاریان تێ کردووە بۆ ماوەی چەندین ساڵ نەتوانراوە بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنرێت. جگە لەوەش گازەکە ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی پیسبوونی زەوییەوە چەندین جۆری ئاژەڵی کوشتووە یان زیانیان بەرکەوتووە (تۆفیق، 2000، 35). ئەمە جگە لەوانەی سەرەوە ئەو تێکچوونە ئاشکرایەی تووشی ئابووری خەڵکەکە بووە، تەواوی دامودەزگاکانی خزمەتگوزاری لە ناو چوون، ماوەیەکی زۆری ویست تاکوو توانرا خزمەتگوزاری بگەڕێنرێتەوە بۆ ناوچەکە. لە لایەکی تر زیانێکی زۆر بەر سامانی ئاژەڵداری شارەکە کەوت کە لەو کاتدا بنەمای سەرەکی ئابووری خەڵک بوو لە پاڵ کشتوکاڵ کردن.

بە پێی ڕێکەوتنامەی ساڵی 1948ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دادگای تاوانەکانی نێودەولەتی و ڕێککەوتنامەی ڕۆمای 1998، هەموو ئەو سیاسەت و کارانەی باسمان کرد، کە بەرامبەر کورد کراون و لەسەروو

هەموویانەوە کیمابارانی هەڵەبجە، دەچنە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و قڕکردنی نەتەوەیەک و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی نەتەوە، کاتێک حکومەتی عێراق بە پلان و بە بەرنامە هەموو ئەم تاوانانەی ئەنجام داوە، کە ئەمانەش بە پێی ڕێکەوتنی ساڵی 1948 و ڕێکەوتننامەی ڕۆمای 1998 بە تاوانی جینۆساید دەژمێرین .

دیارە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٩٦) لە ڕێککەوتی ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦، بەم جۆرە پێناسەی تاوانی جینۆسایدی کردوە: جینۆساید نکۆڵی کردنە لە مافی بوونی تەواوی گرووپە مرۆییەکان، وەک: کوشتن کە گوزارشت لە نکۆڵی کردن لە مافی مرۆڤ دەکات بۆ ژیان، ئەم نکۆڵی کردنە لە مافی بوون پێچەوانەی ویژدانی گشتییە و بەجدی زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، چ لە ڕووی کەلتووری و چ لە ڕووی مەسەلەکانی ترەوە کە ئەم گرووپە مرۆییانە بەشدارن و لەگەڵ یاسای ئەخلاقی و ڕۆحیەتی و مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ناگونجێت. هەڵبەت لە ماددەی سێیەمی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی، کە ئەو کردارانەش سزایان لەسەرە (جوهر، 1401هـ، 49).

بە ڕوانین لە کار و کردەوە تاوانکارییەکانی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە کورد، لە چوارچێوەی دادگا تاوانییەکان و ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە قەدەغە کردنی جینۆساید بە تاوان لە دژی کورد هەژمار دەکرێت، سیاسەت و کارەکانی حوکومەتی عێراق بەرامبەر کورد لە باشوری کوردستان لە چوار چێوەی جینۆسایدا جێیدەبێتەوە.

**باسی سێیەم: هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و عەرەبی**

کومەڵگای نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی شەرمنانە و بێدەنگیان بەرامبەر ئەم ڕووداوە هەبوو، هیچ کام لە وڵاتانی زلهێزی ئەو کات، هیچ پەرچەکردارێکیان نەبوو، بگرە هەندێکیان خۆیان هۆکار و پاڵپشتی ئەم کارەی عێراق بوون هەرچی وولاتانی عەرەبیشە ئەوا زۆربەیان پشگیری عێراق بوون، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو کاتدا، عێراق بە نوێنەرایەتی هەموویان لەدژی دەوڵەتی ئێرانی ئیسلامی لە شەڕدا بوو، جگە لە ئێران، کە هەوڵی دا تاوانەکە بە جیهان ئاشنا بکات ، کە دیارە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو کاتەدا لە جەنگدا بوو لەگەڵ عێراق . لێرەدا باس لە هەڵویستی هەندێکان دەکەین، بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە.

**أ-ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان:**

ئەم ڕێکخراوە لە 7 بۆ 11ی کانوونی دووەمی ساڵی 1989، واتە بە چەند مانگێک دوای کارەساتی هەڵەبجە،لە شاری پاریس کۆنگرەیەکی ڕیکخست سەبارەت بە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی، کە هیچ کوردێک بەشدار نەبوو تێیدا تەنانەت بە چاودێریش، تێیدا بە هیچ شێوەیەک باس لە کیمیابارانی هەڵەبجە نەکرا و بە هیچ شێوەیەک نەک هیچ سزای بۆ عێراق دەرنەکرد تەنانەت ئامادە نەبوو مەحکوومیشی بکات، وەک ئەوەی لە هەڵەبجە هیچ ڕووی نەدابێت (باسیرە، 2013، 51). چونکە وولاتە کاربەدەستەکانی ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندی باش و بە هێزیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی عێراق هەبوو.

**ب-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق لەو کاتدا شەڕی لەگەڵ ئێرانی دوژمنی ئەمریکا دەکرد،لە سەرەتادا ئەمریکییەکان ڕایانگەیاند کە ئێران چەکی کیمیایی بەکار هێناوە لە هەڵەبجەدا، بە پێی ڕاپۆتیکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا کە لەلاین ستیڤن پیلتیری نووسراوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئێران ئەو کارەی کردووە، هەروەها دەڵی گازی سیانید بەکار هاتووە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کووشتووە (Daruish, 2009). هەرچەندە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا زانیویەتی، کە عێراق خاوەنی چەکی کیمیاییە و پیشتر چەندین جار بەکاری هێناوە،هەروەها چەندینجار حکومەتی ئەڵمانی ئاگادرکردۆتەوە، کە کارگەکانت کەلوپەلی کیمیایی بە عێراق دەفرۆشن، ئەویش چەکی کیمیایی پێدروست دەکات، بەڵام دەبینین بەرگری لە عێراق دەکات (باسیرە، 2013، 40- 41). چوار ڕۆژ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕیچارد مورفی قسەی دەربارەی جەنگی ئێران –عێراق کرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی

هەڵەبجەی نەکرد، تەنانەت ڕۆناڵد ڕیگن سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا (١٩٨١-١٩٨٩) و دەزگای هەواڵگری ئەمریکا، پشتیوانی سەددامیان کرد لەو کارە، تەواوی ڕۆژنامەو کاربەدەستانی ئەمریکا ڕایانگەیاند ئێران چەکی کیمیایی بەکار هێناوە،کۆشکی سپی هیچ کاردانەوەی نەبوو تاکو 17 ئایار لە بەیاننامەکدا لە هەمبەر کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەمریکا ڕۆنالد ڕیگن لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە سکرتێری ڕۆژنامەوانی کۆشکی سپی ڕاگەیاند بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ژینگەی سەربازی پیس کردووە(مراد و عبدلقادر، 2020، 102- 104). تا کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران - عێراق پشگیری ئەمریکا بۆ سەددام و حکومەتی عێراق بەردەوام بوو، بەڵام ئەمریکا ئەو کاتیش ئامادە نەبوو یارمەتی کورد بدات (مراد و عبدلقادر، 2020، 95). هەرچەندە لە دواتر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بڕیاری ژمارە (2763-5) دەرچوو، کە ئەو بڕیارە کردەوەکانی عێراق لە کوردستان بە جینۆساید دەناسێنێت (گوڵ، 2013، 56). بەڵام دەبینین حکومەتی ئەمریکا هیچ جۆرە کاردانەوەکی ئەوتۆ نانوێنێت بەرامبەر ئەم کارە.

**ج-بەریتانیا:**

دەتوانین هەڵوێستی بەریتانیا لە چەند رویەکەوە بخەینە روو سەبارەت بەم پرسە لەوانە،

١-هەڵوێستی نوێنەرایەتی بەریتانیا لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە رایگەیاند هاولاتیانی سڤیل لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە پەلامار دراون و کوژراون بە شێوەیەک تا ئاستی کۆمەڵکوژی ،چونکە ژمارەی قوربانیان یەکجار زۆرە، هەروەها داوا دەکات چیتر چەکی کیمیایی بە عێراق و ئێران نەفرۆشرێت لەبەر ئەوەی مەترسی هەیە جارێکیتر بەکاریبهێنەوە، هەروەها پێشنیاری کردوە لیژنەیەک پێکبهێنرێت بچنە هەڵبجە تاکو لە نزیکەوە بارودۆخی شارەکە ببینن.

٢-لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە، حکومەتی بەریتانیا لە ٢٩ ئازار دا، باڵوێزی عێراق لە بەریتانیا بانگهێشت دەکات و نیگەرانی خۆیانی پێڕادەگەیێنێت لە بارەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراق دژی شارەکە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە بەریتانیا زانیویەتی کە عێراق چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە بەکارهێناوە. (العریان، ٢٠٢٢، ٢٣٩٧-٢٤٠١)

**د- ئەڵمانیای ڕۆژئاوا:**

ئەڵمانیا نەک هەر کاردانەوەی نەبوو بگرە ئامادە نەبوو سەرکۆنەشی بکات لەبەر پاراستی بەرژەوندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق، چونکە بایی دەیان ملیۆن دۆلار کەل وپەلی کیمیایی بە عێراق فرۆشتبوو. هەرچەندە بەتەنیا ئەڵمانیا نییە، کە چەکی کیمیایی بە عێراق فرۆشتووە، بەڵام ئەو لە هەموان زیاتر بووە، بۆ نموونە کاتیک پەرلەمانتارێک داوا لە وەزیری دەرەوە دەکات تا کاتی دڵنیا بوون کە ئەو مەوادانە بۆ چەکی کیمیایی کۆمەلکوژی بەکار ناهێنرێن با یارمەتیەکانمان بۆ عێراق ڕاگرین لە وەلامدا، وەزیری دەرەوە دەڵی ئەوە ناکرێت چونکە بە مانای سزا دان دێت.ئەمە وە دەگەیەنێت ئەوان نەک ئامادە نەبوون سزای عێراق بدەن بەرامبەر ئەو کارەی ئامادە نەبوون چەکیشی پێنەفرۆشن.(باسیرە، 2013، 42- 43).

**ە- یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات:**

ئەمانیش هاوشێوەی زۆربەی ولاتان هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، لە ڕۆژی 18ی ئاداری ساڵی 1988 دیدارێک لە نێوان ساسەتمەدارێکی عێراقی و کەسێک بە ناوی ڤیلی ستوفش لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پیشوازی لێ کراوە، کە تێیدا باش لە کەمکردنەوەی چەک بەتایبەتی چەکی کۆکوژ کراوە، بە هیچ شێوەیەک باسی هەڵەبجە نەکراوە. هەر لە نزیک هەمان بەروار خۆپیشاندانێک دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە دژ بە هەڵەبجە لە گۆرەپانی سووری مۆسکۆ سازکراوە،حکومەتی مۆسکۆ نەک پشگیری نەکردوون بەڵکوو زۆبەیانی دەستگیر کردووە و هەندێکیشیانی لە ولاتەکەی دەرکردووە.( باسیرە، 2013، 49).

**و- ئوستراليا وسويد و نەرويج**

سەرەڕای ئەو بێدەنگییەی کە باسمان کرد بەرامبەر ئەو تاوانە بەڵام لە هەندی شوێن بە چەند شێوازێک تاوانەکە سەرکۆنە کراوە. بۆ نموونە پەرلەمانی ئەورووپا لە 4ی ئەیلوولی ساڵی 1988دا ئەم تاوانەی ئیدانە کردووە. باسی لە وێرانکردن و کیمیابیباران کردنی کوردستنی کردووە لە لایەن عێراقەوە، ئەندام پەرلەمانەکان داوایان لە وڵاتانی خۆیان کرددوە پشگیری گەلی کورد بکەن. (گوڵ، 2007، 55- 56). لەلایەکی تر نوێنەری ئوستراليا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە 9ی ئەیلوولی 1988 نامەیەکی بە کۆنفرانسی چەک داماڵین داوە کە لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئوسترالیاوە نێرراوە بۆ کۆنفرانسەکە کە تێیدا نا ڕەزایی بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد دەربڕیوە (گوڵ، 2007، 44).حکومەتی سوید ڕایگەیاند کە لە ماوەی جەنگی عێراق –ئێراندا جەکی کیمیایی دژی خەلکی سڤیل بەکارهاتووە منداڵ و ژنانی کوشتووە ، کە ئەمە دژی پرۆتۆکۆڵی جنێفی ١٩٢٥. سەبارەت بە حەکەمەتی نەرویج، ڕایگەیاند کە ئامادەن هەندێ لە بریندارانی کورد کە بەر جەکی کیمیایی کەوتوون چارەسەر بکەن لە ڕێگەی ڕێکخراوی خاچی سوری نەرویجییەوە. (العريان، ٢٠٢٢، ٢٤٠٣-٢٤٠٤).

ئەنجام

لە دووتوێی ئەم توێژینەوەدا ،گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

1. کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە زادەی تێڕوانین و بۆچونی بەعس بوو کە پێی وایە هەر بەرهەڵستی و وەستانەوەیاک لە دژی ئەو دەبێ بە تونترین شێوە وەڵام بدرێتەوە. لەم قۆناغەدا جوڵانەوەی سیاسی و چەکداری کورد بە توندی دژی حوکومەتی عێراق و دەسەڵاتی بەعس وەستابوونەوە.

2. کۆمەلگای نێودەوڵەتی هەر لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تاکو ووڵاتانی زلهێز و عەرەبی و ئیسلامیش وەک پێویست لەسەر ئەم رووداوە گرنگ و تراژیدیایە نە هاتنە دەنگ، هەندێکیان بی دەنگیان هەڵبژارد هەرچەندە ئاگادار و زانیارییان هەبوو لەسەر ئەوەی کە عێراق ئەم کارەی ئەنجام داوەی.بەشێکیتری ووڵاتان هەندێ هەڵوێستی لاوازی فەرمی و نا فەرمیان هەبوو بەڵام لە ئاستی گەورەیی ڕووداوەکە نەبوو.

3. دەوڵەتی عێراق ئەم کارەی ئەنجام داوە نەوەک لایەنێتر کە وەک عێراق بانگەشەی بۆ دەکرد ئەوکات. ئەویش بە پشت بەستن بەو داتا و زانیاری و هەڵوێستی ووڵاتان و لایەنێتر کە خرانەروو.

4. بە پێی بنەما نێودەوڵتیەکان و ڕێکارەکان و چۆنێتی جێبەجێ کردنی تاوانی کیمیابیبارانی هەڵەبجە دەچێتە خانەی جینۆسایداوە، چونکە سەرجەم بەندەکانی جینۆسایدی تێدا جێدابێتەوە.بۆیە ئێمەش پێمان وایە کیمیابیبارانی هەڵەبجە جینۆسایدە دژی شارەکەو گەلی کورد، نەک تەنها کۆمەڵکوژییەک بێت.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: پەیماننامەکان**

1. نظام روما الاساسی للمحكمة الجنائية الدولية.(١٩٩٨).

**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان**

2. باسیرە، سالار: جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و بە نێودەوڵەتی کردنی (کورد وەك نموونە)، بڵاوکراوەی سەنتەری مارگرێت، سلیمانی، 2013.
3. تۆفیق، هەورامان علی (2008): کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
4. ڕۆمانۆ، دەیڤید (2020)، بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد دەرفەت، ڕێکخستن، ناسنامە، و: هۆمەر فەیزی، چ1، سلێمانی، چاپخانەی تاران.
5. سلێمان، تەها (2014): جینۆسایدی گەلی کورد، پشکنین، ئامار و زانیاری، دیکۆمێنت، بێ شوێنی چاپ.
6. سلێمان، تەها (2017): جینۆساید لە باشووری کوردستان، ڕابردوو ئێستا و ئاینده، لێکەوت و کاریگەریی و ئەرکەکان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان (کۆنفڕانسی زانکۆی گەرمیان).
7. کەوە، فریشتە (2008): کارەساتی هەڵەبجە توژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
8. گوڵ، مارف عومەر (2007): جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنای یاسای تازەی نیودەولەتیدا، چاپخانەی ئاراس، چاپی چوارەم، هەولیر.
9. محمد، علی محمود (2006): چەند لاپەرەیەکی شاراوە لە مێژووی کۆمەڵکوژییەکان، چاپخانەی ئەرەپخا، کەرکوك.
10. مراد، خلیل علی و عبدولقادر، نەهرۆ محمد: هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر پرسی کورد لە باشوری کوردستان (1980-1988)، گۆڤاری قەلای زانست، بەرگی 5 ژمارە 2، 2020.
11. میدڵ ئیست وۆچ (2004): جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی: محەمەد حەمەصاڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
12. مینە، ئەمین قادر (1999)، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل تەعریب تەبعیس، چ2، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو ستراتیجی کوردستان.
13. نیوبێرگەر، بنیامین (2017): جینۆساید "کۆمەڵکوژی لە خاکی هەزارگرددا" ڕواندا لە 1994، وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
14. هێتوتی، نەوزاد عەبدوڵا (2009)، دۆزی کورد لە عێراقدا میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای 2003، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆك.
15. هەورامی، ڕەشید ئازاد (2016): دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
16. ئەحمەد، هاوڕێ، (2021): تاوانی جینۆساید لە یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکاندا، بڵاوکراوەی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی.

**سێیەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

17. البارزانی ، عزیز حسن(٢٠٠٢) الحركة القومة الكوردية التحريرية فی كوردستان عیراق ١٩٣٩-١٩٤٥، دار سبيريز ، دهۆک.

18. سعيد، نجم الدين هادي محمد (2008): حركة السكان في قضاء حلبجة و أثرها على تشتت و تركز المستقرات البشرية الريفية، رسالة الماجستر، جامعة بغداد.
19. العريان. محمد على الباحث،(٢٠٢٢) الموقف الدولي من استخدام الغازات السامه في حلبجه ١٩٨٨، ميصر.
20. قادر، جبار (2006)، قضايا كردية معاصرة، كركوك- الانفال- الكرد و تركيا، ط1، اربيل، دار ئاراس للطباعة و النشر.
21. محمد ، خليل اسماعيل،(٢٠٠٥) الكورد الفيليون بين حملات التغير وسياسة التعريب، اربيل.
22. المرزانى و على، هيمداد مجيد على و عبدالغفور كريم، (2012): المحكمة الجنائية الدولية نشاة تكوين و نص اتفاقية روما الاساسية، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، مطبعة شهاب، اربيل.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

23. Atroushi, A. (1994) Chemical massacre of the Kurds by the Iraqi regime. [online]. [Accessed 20 November 2013] Available at: <https://www.kdp.se/old/chemical.html >.
24. Carole, A. (2002) the Kurds of Iraq: recent history, prospects. A Middle East Review of International Affairs. 6, (4).
25. Crowcroft, O. (2013) the devastating chemical attack in Iraqi Kurdistan 25 years later. [online]. [Accessed 30 November 2013] Available at:<https://www.vice.com/read/halabja-is%20%20still-living-its-chemical-attack-nightmare.>.
26. Darwish, A. (2009) whom does the truth hurt? [Online]. [Accessed 25 February 2022] Available at: < https://www.opendemocracy.net/en/article_1049jsp/>.
27. David, El Kenz (2007) Massacre, Mass Violence & Résistance. [Online]. [Accessed 5 April 2022] Availableat: <https://www.sciencespo.fr/mass-violence-war-massacre-resistance/en/document/massacre.html?fbclid=IwAR1Psjq6cnuPw6y9v5t9kGPZh2qoB0MVA7EkE3K_8mby8nTGSK10gYCSyZs>.
28. Garib, B. et al., (2010) Possible effects of chemical weapons used in Halabja Martyr city on 16th March 1988 on developing oral and Dental tissues Journal of the College of Dentistry, University of Baghdad, 22, (1).
29. Gera, G. (undated) The Iraqi-Iranian War. [Online]. [Accessed 30 November 2013] available at: < http://www.dayan.tau.ac.il/people/mecs_pdf/iq1201.pdf>.
30. Human Rights Watch report (1993) Geocoding Iraq, the Anfal Campaign against the Kurds. a Middle East Watch Report.
31. Joost, R. H. (2007) A Poisonous Affair: America, Iraq, and the Gassing of Halabja. Published by Cambridge University.

32. Lieberman, S. and Berman, H. (2009) Remembrance of Halabja Massacre. [Online]. [Accessed 25 November 2013] Available at: <http://www.krg.org/uploads/documents/ Halabja_Congressional_Record20090320h13m9s58.pdf.>.

33. Ministry of Martyrs and Anfal Affairs Kurdistan (2008) [Online]. [Accessed 25 November 2013] Available at:http://www.krg.org/a/d.aspx?l=12&s=02010100&r=223&a=26954&s=010000. .

34. Rummel, R.J. (2002) Genocide. [Online].[Accessed 25 November 2013] Available at: <http://www.hawaii.edu/powerkills/DBG.CHAP1.HTM >.

35. Tofiq, M. (2004),. Genocide in Iraq and the Anfal campaign against the Kurds, Teshk Institute, Sulaimaniya: Kurdistan.

36. Unrepresented Nations and Peoples Organisation (2013) 25th Anniversary of the Halabja Massacre: Recognition as a tool to Prevent Genocide. Nieuwspoort, The Hague, the Netherlands. [Online].[Accessed 25 November 2013] Available <https://academy.unpo.org/conference-25th-anniversary-of-the-halabja-massacre-recognition-as-a-tool-to-prevent-genocide/>.

37. Washington Post (2013) Victims of Saddam-era poison gas attack on Kurds demand French investigation into suppliers. [Online]. [Accessed 30 October 2013] Available at: < http://www.krg.org/a/d.aspx?l=12&a=47767.>.

**پێنجەم: توێژینەوە بڵاونەکراوەکان:**

38. جوهر، بلین خورشید، (1401ه): امکان سنجی محاکمه اعمال ارتکابی داعش بر اساس حقوق بین الملل و نضام حقوقی عراق، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه ازاد اسلامی، واحد علوم تحقیقات، دانشکده علوم انسانی، گروه حقوق، منتشر نشده.

**Abstract**

**Chemical attack on Halabja between genocide and genocide**

**It is a historical study**

In 1988, a few months before the end of the Iraq-Iran war, the Iraqi government began using chemical gas against the Kurdish people. In Halabja, a few miles from the Iranian border, about 5,000 people died. Which is considered a new crime in contemporary history and the crime is no less than bombing Hiroshima and Nagasaki. This work by the Iraqi government is rare in history, as it used chemical weapons against its own people. Most of the victims were children and women. The Iraqi government apparently used 1,000 tons of chemical gas against the city. which was the final stage of a systematic operation against the Kurdish people, carried out by Iraqi government at that time. Saddam Hussein dropped the deadly mixture of sarin, vx gas nerves and mustard gas by plane on to the city's people. In this research, we want to explain and determine the actual number of victims, and then we will explain the reasons behind the use of the weapon. In this research, we want to clarify whether the chemical attack on Halabja is genocide? or it's just massacre. Then we'll talk about the effects on the weather. We will finally explain the psychological and humanitarian effects of the crime on the people of Halabja**.**

Key words: Genocide, massacre, weapon gas, Peshmerga, gas sarin, bomb